سەرۆک کۆمار: عێراق بەجددی کاردەکات بۆ پەرەپێدانی بۆئەلیکترۆنیکردنی خزمەتگوزارییە بانکییەکان و پاراستنی دراوی نیشتیمانی لەڕووی تەکنیکی و ئەمنییەوە

سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال رەشید پشوازیکرد لە هەرمان شتەرسینگەر سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی کۆمپانیای تراست نەت و وەفدی یاوەری، کە تایبەتمەندە لە بواری پرۆگرامە ئەلیکترۆنییەکانی سیستمی دارایی و بانکی و چاپکردنی دراو.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکایەتی کۆمار رایگەیاند:-لە دیدارەکەدا، کە ئەمڕۆ سەشەممە 6-2-2024 لە کۆشکی بەغداد بەڕێوەچو، سەرۆک کۆمار جەختی لەسەر پێویستی باشترکردنی هاریکاری هاوبەش و ئاوگەکردنی زانیاری و شارەزایی نێوان کۆمپانیا و بانکی ناوەندیی عێراق و بانکەکانی وڵات کردەوە بەشێوەیەک، کە یارمەتیدەربێت لە بەردەوامیدان بە پەرەپێدانی کارەکانی بانکەکان و کەرتی دارایی.

هەروەها ڕەشید رایگەیاند، عێراق هەوڵی جددی دەدات بە پەرەپێدانی چاپکردنی دراوی نیشتمانی و بەپەرەشین بەئەوڵی بەباشترین کوالێتی تەکنیکی و ئەمنی بێت، هاوکات هەوڵی پەرەپێدانی خزمەتگوزارییە بانکییەکان دەدات بەئەوڵی لەم بوارەدا لەئاست پشکۆتنەکانی جیهاندا بێت.

لەلای خۆیەوە شتەرسینگەر خواستی کۆمپانیاکەی دەربڕی بە کارکردن لەگەڵ بانکی ناوەندیی عێراق لە بواری ئەلیکترۆنی و دانانی پرۆگرامە پشکۆتووەکان بە بانکەکە و نوێکردنەوەی کەرتی بانکی لە

عراقدا .